حزب و ڕێکخراوەکانی فنلاند پشتگیری لە خۆپیشاندانەکەی کرێکارانی تاسلوجە دەکەن !

دوابەدوای پشتگیری کردنی دەیان کەسایەتی چەپ وکرێکاری فنلاند لە خواست و دواکاریەکانی کرێکارانی تاسلوجەو مەحکوم کردنی کردەوەی سەرکوتکەرانەی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی یەکیەتی لە پەیوەند بە تەقەکردن لە کرێکاران و بریندارکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لیان، دواتر ڕێبوار عارف و بنار مستەفا سەردانی چەند حزب ونقابەیەکی کرێکاریان کرد بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشگیری کردن لە داواکاریەکانی کرێکارانی تاسلوجەو مەحکوم کردنی تەقەکردن وسەرکوتی کرێکاران وخەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان. کە سەرئەنجام چەند حزب و لایەنێك بەڵێنی پشگیری کردن و ناردنی نامەی ناڕەزایەتی دەربرینیان دا دژ بەم کردەوە سەرکوتگەرانەی ئاسایشی یەکیتی نیشتمان لە ناوچەکانی ژیر دەستەلاتداریەتی خۆیان . ئەمەش نموونەی دەقی یەکیك لەو نامانەیە کە ئەمڕۆ حزبی کومۆنیستی فنلاند ناردویەتی بۆ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان !

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

حزبی کۆمۆنیستی فنلاند Communist Party of Finland
address : Haapaniemenkatu 7-9 B.FIN- 00810 Helsinki
tel 358 9 77438150 . fax358 9 77438160
e-mail skp@skp.fi
internet http://www.skp.fi

هلیسنکی – 8 /8 / 2006

مافەکانی کرێکاران دەبێت پارێزراوبن !

لە ڕۆژی 27 تەموزدا هیزەکانی ئاسایشی یەکتیەتی نیشتمانی کوردستان و پۆلیس ، تەقەیان کرد لە 700 کرێکاری کارخانەی چیمەنتۆی تاسلوجە نزیك بە شاری سلیمانی لە کوردستان عیراق .
وە لەم تەقە لێکردنەدا نزیك بە 16 کریکار بریندار بوون .

بەکارهێنانی ئەم توندتیژیان دژ مافەکانی کریکاران لەکاتیکدا بووە کە خەباتیان کردوەو مانیان گرتووە دژ بە دەرکردنیان لەسەر کارو داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆیان و باشترکردنی ژیانی کاریان.

ئەم حالەتە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو هەموو ئازادیەی کە بانگیژەی بۆ کراوە لە کوردستان ، جێبەجی نەکراوە.
حزبی کۆمۆنیستی فنلاند توندو تیژی دژ بەکرێکاران مەحکوم دەکات وە خوازیاری پاراستنی مافەکانی کریکارانە وەك ماف و ئازادی مانگرتن و بیروڕادەبرین جێبەجی کردبکرێت لە کوردستان و بە گشتی لە هەموو عیراق دا .

Yrjo Hakanen
سکرتیری حزبی کۆمۆنیستی فنلاند